Ministry of Justice and Security

# گومانلێکراوی لە ئەنجامدانی کاری تاوان

## دەستگیرکراوی و بردراویتە بنکەیەکی پۆلیس یان بانگهێشت کراویت بۆ بەشداریکردن لە لێپێچینەوەی پۆلیس.

## Koerdisch

تەمەنت لە نێوان ١٢ بۆ ١٨ ساڵدایە و شتێکت کردووە کە پێچەوانەی یاسایە، بۆ نموونە تێکدان، دزیکردن یان دەستدرێژیکردنە سەر. لەوانەیە پۆلیس (یان خزمەتگوزارییەکی تری لێکۆڵینەوە) تۆی دەستگیر کردبێت، بردوویتە بنکەیەکی پۆلیس و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات. یان لەوانەیە داوات لێکرابێت بچیتە بنکەی پۆلیس، چونکە پۆلیس دەیەوێت لێپێچینەوەت لەگەڵ بکات. بە واتایەکی تر پۆلیس دەیەوێت قسەت لەگەڵ بکات و پرسیارت لێ بکات. گرنگە بۆ تۆ بزانیت مافەکانت چین، بۆیە زۆر بە وردی ئەم دەقە بخوێنەرەوە. پاشان ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو، پرسیار لە پارێزەرەکەت یان لە ئەفسەرێکی پۆلیس.

ئەگەر تۆ دەستگیر نەکراویت، بەڵام پۆلیس داوای لێکردوویت بێیتە بنکەی پۆلیس بۆ لێپرسینەوەی، لە خوارەوە ئەم بابەتە بپەڕێنە: ‹کەی پێویستت بە پارێزەر دەبێت؟›.

### تۆ دەستگیرکراویت و بردراویتە بنکەیەکی پۆلیس

**مافی ئێوە چین؟**

- پۆلیس دەبێت پێت بڵێت کە گومانی چ تاوانێکت لێدەکەن؛
- پۆلیس پارێزەرێک بۆ ڕێکدەخات؛
- ئەگەر پێشتر پارێزەرێک دەناسیت و دەتەوێت ببێتە پارێزەرت، پۆلیس ئاگادار بکەرەوە.
- پۆلیس وردەکارییەکانتان (ناو، ناونیشان و بەرواری لەدایکبوون و هتد) دەگوازێتەوە بۆ دەستەی یارمەتی یاسایی هۆڵەندا (Raad voor Rechtsbijstand). پاشان دەستەی پارێزەران پارێزەرێک بانگ دەکەن بۆ تۆ؛
- پارێزەرەکەت تەنها بۆ تۆ کاردەکات (ئیش)، نەک بۆ پۆلیس.

**زانیاری بۆ دایک و باوک، سەرپەرشتیار یان چاودێران**

منداڵەکەت گومانی تاوانی لێدەکرێت. ئەم لاپەڕەیە زانیارییە پێت دەڵێت منداڵەکەت کام مافی دەبێت لە کاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا. پۆلیس دەبێت پێت بڵێت کە منداڵەکەت دەستگیرکراوە و لە بنکەیەکی پۆلیسدا دەستبەسەرە، یان منداڵەکەت بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت. هەروەها پۆلیس دەبێت ئاگادارت بکاتەوە کە هەنگاوی داهاتووی لێکۆڵینەوە کە چی دەگرێتەوە. پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی پەیوەندی کردن لە ڕێگەی تەلەفونەوە و سەردانی منداڵەکەت.

**زانیاری زیاتر**

بۆ زانیاری زیاتر، بچنە سەر ماڵپەڕی سەنتەری یارمەتی و ڕاوێژکاری یاسایی (www.juridischloket.nl، تەنها بە زمانی هۆڵەندی بەردەستە)، یان پەیوەندییان پێوە بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی ٠٩٠٠٨٠٢٠ (€ 0.10 بۆ هەر خولەکێک). دووشەممە تا هەینی لە نێوان کاتژمێر 09.00 بۆ 17.00.

- چاوت بە پاریدەدەری داواکاری گشتی دەکەوێت، کەسێک کە ڕۆڵی بەڕێوەبردنی لە پۆلیسدا هەیە. هەروەها دەکرێت ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە ئەنجام بدرێت؛ ئێمە ئەمە بە ‹هێنانە بەردەم پاریدەدەری داواکاری گشتی› ناودەبەین. پاریدەدەری داواکاری گشتی پێت دەڵێت مافەکانت چین و لەوانەیە پرسیارت لێ بکات. پێویست ناکات وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە، بەڵام ئەگەر بتەوێت دەتوانیت. تۆ مافی ئەوەت هەیە هیچ نەڵێیت، کە ئێمە پێی دەڵێین مافی بێدەنگبوون. هەروەها پاریدەدەری داواکاری گشتی پێت دەڵێت کە دەتوانیت چاوەڕێی ڕوودانی چی بکەیت و بڕیار دەدات کە ئایا پێویستە بۆ ئێستا لە بنکەی پۆلیس بمێنیتەوە یان نا.
- پزیشکێک، یان کەسێک کە بۆ پزیشکێک کاردەکات، لەوانەیە سەیردەکات بۆ ئەوەی بزانێت کە تۆ ئەوەندە تەندروستیت، کە لێپێچینەوەت لەگەڵدا بکرێت یان لێکۆڵینەوەیەکی تری پۆلیسی بۆ بکرێت. ئەگەر پێویست بوو، پۆلیس یان پارێزەرەکەت یان دایک و باوکت (یان سەرپەرشتیار یان چاودێران) یان تۆ خۆت، دەتوانیت داوای بینینی ئەم پزیشکە بکەیت. پزیشک دەتوانێت بڕیار بدات، کە پۆلیس پێویستە ماوەیەک چاوەڕێ بکات لە لێپێچینەوەت یان دەست بە لێکۆڵینەوەیەکی تری پۆلیس. ئەم پشکنینە پزیشکییە بەخۆڕاییە؛
- ئەگەر تەنها توانیت کەمێک هۆڵەندی قسە بکەیت و تێبگەیت، یان هیچ هۆڵەندیت نەزانی، ئەوا مافی وەرگێڕت دەبێت. وەرگێڕ بەخۆڕاییە. تۆ مافی خوێندنەوەی بەڵگەنامەکانی کەیسەکەت (دۆز) دەبێت (ئەو بەڵگەنامانەی کە پۆلیس سەبارەت بە کەیسەکەت کۆی کردونەتەوە). پارێزەرەکەت دەتوانێت بەناوی تۆوە داوای ئەم بەڵگەنامانەی ناو کەیسەکەت لە داواکاری گشتی بکات؛
- ئەگەر تەنها توانیت کەمێک هۆڵەندی قسە بکەیت و تێبگەیت، یان هیچ هۆڵەندی نەزانیت، ئەوا مافی ئەوەت دەبێت کە بەشە گرنگەکانی فایلەکەت بە زمانی خۆت بخوێنیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت لێی تێبگەیت.

**چی تر ڕوودەدات؟**

- پۆلیس دەبێت بە دایک و باوکت (یان سەرپەرشتیارەکەت یان چاودێرەکانت) بڵێت کە تۆ لە بنکەیەکی پۆلیسیت و بۆ ئێستا لەوێ دەستبەسەر کراویت. ئەگەر تۆ هیچ دایک و باوکێکت نییە (یان سەرپەرشتیار یان چاودێرێک)، یان ئەگەر پۆلیس نەتوانێت پەیوەندییان پێوە بکات، پۆلیس لێت دەپرسێت کە دەتەوێت پەیوەندی بە کام گەورەوە بکەیت. ئەگەر هیچ گەورەیەک نەبێت، ئەوان پەیوەندی بە دەستەی چاودێری و پاراستنی منداڵانەوە دەکەن (Raad voor de Kinderbescherming)؛
- دەستەی چاودێری و پاراستنی منداڵان ئەو ڕێکخراوەیە کە دیاری دەکات کە چ سزایەک و/یان یارمەتییەک بۆ تۆ گونجاوە. سەیری دۆخەکەت دەکات، چیت کردووە و ئەوەی کردووتە چەند خراپە؛
- دایک و باوکت (یان سەرپەرشتیار یان چاودێران) ڕێگەیان پێدەدرێت پەیوەندیت پێوە بکەن و لە بنکەی پۆلیس سەردانت بکەن.
- ئەگەر لە هۆڵەندا ناژیت، دەتوانیت داوا لە پۆلیس بکەیت پەیوەندی بە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەتەوە بکات.

**لە بنکەیەکی پۆلیس هێشتنەوە**

- ئەگەر گومانی تاوانێکی بچووکت لێکرا وەک سووکایەتیکردن، پۆلیس دەتوانێت لە بنکەی پۆلیس بۆ تا ٦ کاتژمێر بتێڵێتەوە، بەبێ کاتژمێرەکانی شەو (لە نێوان کاتژمێر 00.00 بۆ 09.00). کەواتە، پۆلیس دەبێت دوای ٦ کاتژمێر ئازادت بکات.
- ئەگەر گومانی تاوانێکی قورست لێکرا وەک تێکدان، دزیکردن یان دەستدرێژیکردنە سەر، پۆلیس دەتوانێت لە بنکەیەکی پۆلیس بۆ ماوەی ٩ کاتژمێر ڕاتبگرێت، بەبێ کاتژمێرەکانی شەو (لە نێوان کاتژمێر 00.00 بۆ 09.00). کاتێک ئەم ٩ کاتژمێرە تێپەڕی، پۆلیس دەتوانێت بڕیار بدات کە زیاتر لە بنکەی پۆلیس بتێڵێتەوە. دەتوانن بۆ ماوەی ٣ ڕۆژی بۆت درێژکاتەوە. لە هەندێک بارودۆخدا، دەکرێت پۆلیس ٣ ڕۆژی تر ڕاتبگرێت. کەواتە، لە خراپترین حاڵەتدا، بۆ ماوەی ٦ ڕۆژ لە بنکەی پۆلیس دەگیرێن. ئێمە بەمە دەڵێین ‹دەستبەسەری پۆلیس›.
- ئەگەر لە کاتژمێرەکانی ئێوارەدا دەستگیرکرایت، پۆلیس لەوانەیە بڕیار بدات چاوپێکەوتنی پۆلیسەکەت دوابخات. لەم دۆخەدا، پۆلیس کاتێک دیاری دەکات بۆ تۆ و دایک و باوکت (یان سەرپەرشتیار یان چاودێران) بۆ گەڕانەوە بۆ بنکەی پۆلیس، بۆ چاوپێکەوتنی پۆلیس لە ڕۆژی دواتردا: ڕێگەت پێدەدرێت بچیتەوە ماڵەوە بەڵام دەبێت ڕۆژی دواتر بگەڕێیتەوە بنکەی پۆلیس.
- ئەگەر پۆلیس بڕیاریدا تۆ ‹لە دەستبەسەری پۆلیسدا› بگرێت، هەندێک جار ڕێگەت پێدەدرێت لە شوێنێکی تر بخەویت (بۆ نموونە لە ماڵەوە). بەڵام بە ڕۆژ لە بنکەی پۆلیس دەستبەسەر دەکرێیت. پۆلیس و داواکاری گشتی بڕیار لەدەر ئەمە دەدەن؛
- ئەگەر داواکاری گشتی بە پێویستی زانی کە دەست بە سەرکردنەکەت درێژ بکرێتەوە، دادگا بڕیار دەدات کە ئایا ئەمە دەکرێت یان نا. لەم دۆخەدا تۆ دەنێردرێت بۆ ناوەندێکی دەستبەسەرکردنی نەوجەوانان و چیتر لە بنکەی پۆلیسدا ناهێڵرێتەوە.
- ئەگەر تۆ لە دەستگیرکردنەکەت، یان بڕیاری دادگا بۆ درێژکردنەوەی دەستبەسەرکردنی پۆلیس ناڕازیت، دەتوانیت داوای ڕاوێژ لە پارێزەرەکەت بکەیت بۆ ئەوەی چی بکەیت.
- ئەگەر پێویست نەکات بمێنیتەوە لای پۆلیس، دەبێت پۆلیس ئازادت بکات.

**کەی پێویستت بە پارێزەرە؟**

- ئەگەر لەلایەن پۆلیسەوە لێپرسینەوەت لێکرا، پۆلیس دڵنیا دەبێتەوە لەوەی کە پارێزەرت بۆ دەستنیشان دەکرێت. پارێزەرەکە بۆ تۆیە. و تەنها کاتێک شتێک دەکات، کە ئەو ڕاوێژی بەتۆ کردبێت. هەروەها پارێزەر ئەرکی ‹نهێنی پارێزی› لەسەرە. هەموو ئەو شتانەی کە بە پارێزەرەکە دەڵێیت لە نێوان تۆ و ئەودا دەمێنێتەوە. پارێزەر بۆی نییە هیچ شتێک بگوازێتەوە بەبێ ڕەزامەندی تۆ.
- ئەگەر تۆ دەستگیرکراویت، ئایا خۆت پارێزەرێک دەناسیت و دەتەوێت ئەم پارێزەرت بێت، بە پۆلیس بڵێ. دواتر پەیوەندیت پێوە دەکەن.
- ئەگەر بانگهێشت کرایت بۆ لێپرسینەوە، هەروەها داوای پارێزەرێکت بۆ دەکرێت. ئەو نامەی بانگهێشتنامەیەی کە پۆلیس بۆ ناونیشانی ماڵەکەت ناردووە پێت دەڵێت چی بکەیت، ئەگەر پارێزەرێکت هەیە کە دەتەوێت پارێزەریت لێ بکات.
- زۆربەی پارێزەر بەخۆڕاییە. پۆلیس پێت دەڵێت ئەگەر بەخۆڕای نەبێت.

**لێپێچینەوە: گفتوگۆیەک لەگەڵ پۆلیس**

- ئەفسەرێکی پۆلیس یان ئەفسەرەکان قسەت لەگەڵ دەکەن و دەتوانن پرسیارت لێ بکەن.

## پێش چاوپێکەوتنی پۆلیس

- ئەگەر دەستگیرکرایت، پارێزەرێک ئامادە دەبێت بۆ ئەوەی بە خێرایی ئامۆژگاریت بکات. ئەفسەری پۆلیس یان ئەفسەرەکان تەنها دوای ئەوەی لەگەڵ پارێزەرێک قسەت کردووە دەتوانن لێپێچینەوەت لەگەڵ بکەن. ماوەیەک دەخایەنێت تا پارێزەرەکە دەگاتە بنکەی پۆلیس – ئەگەری ئەوەی هەیە کە نزیکەی دوو کاتژمێر بخایەنێت.
- ئەگەر دەستگیرکرایت، پێش چاوپێکەوتنی پۆلیس لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە دەکەیت. ئەوان لێت دەپرسن چی ڕوویداوە و پێت دەڵێن کە دەتوانیت چاوەڕوانی چی بکەیت. ئەمەش نزیکەی نیو کاتژمێری دەوێت، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، ئەگەری ئەوەی هەیە کە زیاتریش بخایەنێت.
- پۆلیس گوێ لە گفتوگۆی تۆ و پارێزەرەکەت ناگرێت.
- ئەگەر پێویست بوو، وەرگێڕێکت بۆ تەرخان دەکرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لەو گفتوگۆیەی کە لەگەڵ پارێزەرەکەتدا ئەنجامی دەدەیت.
- وەرگێر ڕێگەپێنەدراوە کە هیچ شتێک لەبارەی کۆبوونەوەکە تۆ و پارێزەرەکە بە پۆلیس بڵێن.
- ئەگەر پۆلیس بانگهێشتی کردوویت بۆ لێپێچینەوە، و پێشتر قسەت لەگەڵ پارێزەرێک کردووە پێش ئەوەی بچیتە بنکەی پۆلیس، ئەوا پارێزەرەکەت دەزانن لێپێجینەوەکە لە چ کاتێکدا دەست پێدەکات و لە کاتی خۆیدا لە بنکەی پۆلیسن ئامادە دەبێت.
- پارێزەر پێت دەڵێت لێپێچینەوە چی لەخۆدەگرێت و باس لە باشترین شتەکان دەکات بۆ ئەوەی تۆ بیکەیت یان بیڵێیت لە کاتی لێپێچینەوەکەدا. هەروەها پارێزەر دەتوانێت پەیوەندی بە خێزانەکەتەوە، سەرۆکەکەتەوە یان شوێنی کارەکەتەوە بکات بۆ ئەوەی پێیان بڵێت کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. تەنها بەرەزامەندی خۆت ئەم کارە دەکەن.

## لە میانی چاوپێکەوتنی پۆلیسدا

- دوای دەستپێکردنی لێپێچینەوە، ئەو ئەفسەرەی پۆلیس کە لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکەت لەوانەیە پرسیارت لێ بکات.
- پێویست ناکات وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە (بەڵام ئەگەر بتەوێت دەتوانیت). مافی ئەوەت هەیە بێدەنگ بیت.
- ئەگەر لە شتێک تێنەگەیت کە ئەفسەرانی پۆلیس دەیڵێن، دوودڵ مەبە و پێمان بڵێ. پاشان دەبێ وشەی دیکە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەنەوە بدەن.
- ئەگەر پێویست بوو، وەرگێڕێکت پێدەدرێت بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات لە کاتی لێپێجینەوەکەدا.

**پارێزەر لە چاوپێکەوتنی پۆلیس**

پارێزەرەکەت لە ژووری چاوپێکەوتنی پۆلیس لە تەنیشتتەوە دادەنیشێت و لەوانەیە:

- بە درێژایی لێپێچینەوەکە لە ژوورەکەدا دمێنێتەوە.
- لە سەرەتا و کۆتایی لێپێچینەوەکەدا پارێزەرەکە دەتوانێت سەرنجی بدات.
- پرسیار لە ئەفسەر(ەکان)ی پۆلیس بکات.
- لێت بپرسن کە ئایا لە قسەکان تێدەگەیت یان نا.
- دڵنیابە لەوەی کە ناچار نابیت شتێک بڵێیت.
- دڵنیابە لەوەی کە تۆ لە ئەفسەری پۆلیس ناترسیت.
- داوا بکە چاوپێکەوتنەکە بۆ ماوەیەک بوەستێنرێت. پاشان پارێزەر دەتوانێت بە تەنیا قسەت لەگەڵ بکات. لەوانەیە تۆش داوای قسەکردن لەگەڵ پارێزەرەکەت بکەیت بە تەنیا. ئەگەر تۆ زۆر جار داوای ئەوە بکەیت، ئەفسەر(ەکان)ی پۆلیس لەوانەیە بڵێت ‹نا›.

**وێنەگرتن یان تۆمارکردنی چاوپێکەوتنێکی پۆلیس**

- هەندێک جار پۆلیس پێویستە چاوپێکەوتنی پۆلیس بە کامێرا و/یان مایکرۆفۆن تۆمار بکات. ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت کە تاوانێکی قورس و کەسێکی بە سەختی بریندار کرابێت. یاساکان لە کاتی وێنەگرتن یان تۆمارکردنی چاوپێکەوتنی پۆلیسدا جێبەجێ دەکرێن. ئەگەر پۆلیس فیلم یان تۆماری دەنگی بکات، دەبێت لە سەرەتای چاوپێکەوتنی پۆلیسدا، ئەمەت پێ بڵێت.

**ئەگەر گەورەساڵانی پەیوەندی دار لە لێپێچینەوەکەدا ئامادەبێت**

- ئەگەر پۆلیس بڕیارە چاوپێکەوتنت لەگەڵدا بکات، تۆ مافی ئەوەت هەیە کەسێک کە متمانەت پێی هەبێت لە ژووری چاوپێکەوتنی پۆلیسدا لەگەڵتدا بێت (گەورەساڵێکی متمانەپێکرا). ئەمە دەکرێت باوکت یان دایکت یان گەورەیەکی تر بێت. ئەگەر دەتەوێت گەورەساڵێکی گونجاو ئامادە بێت، بە پارێزەرەکەت و پۆلیس بڵێ. مەرج نییە کەسێکی گەورە و گونجاوت لەگەڵ بێت.
- گەورەساڵە متمانەپێکراو، تەنها ڕێگەی پێدەدرێت کە گوێبگرێت. بە واتایەکی تر ڕێگەیان پێدراوە لە تەنیشتت دابنیشن بەڵام نابێت هیچ بڵێت. گەورەساڵی متمانە پێکراو دەبێت تەمەنی ١٨ ساڵ یان زیاتر بێت و نابێت دەستی لەو تاوانەدا هەبێت کە گومانت لێدەکرێت ئەنجامدانی.
- لەوانەیە هەندێک جار پۆلیس ڕەتی بکاتەوە لە لێپێچینەوەکەدا کەسێکی گەورەساڵ گونجاوت لەگەڵتدا بێت. بەڵام ڕەنگە پۆلیس بەبێ مۆڵەتی داواکاری گشتی، ئەم کارە نەکات.

**ڕاپۆرت**

- ڕاپۆرتێک لەسەر ئەو لێپێچینەوەیە دەکرێت کە لەگەڵ تۆدا ئەنجامدراوە. ئێمە ئەمە بە ڕاپۆرتێکی فەرمی ناودەبەین. ئەم ڕاپۆرتە گرنگە. تۆمارێکە لەو قسانەی کە لە لێپێچینەوەکەدا وتوتە. ئەوە گێڕانەوەی تۆیە لەسەر ئەوەی کە ڕوویداوە.
- داواکاری گشتی ئەو قسانەی تۆ دەخوێنێتەوە و هەندێک جار دادگاش دەیخوێنێتەوە. بۆیە، گرنگە بۆ تۆ بە وردی ئەو شتانە بخوێنیتەوە کە لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە. ئەگەر نەتوانیت باش بیخوێنیتەوە، داوا لە ئەفسەر(ەکان)ی پۆلیس بکە کە بۆتی بخوێنێتەوە.
- ئەگەر تۆ بە ڕاپۆرتەکە ڕازیبیت، ئەفسەر(ەکان)ی پۆلیس داوات لێدەکات ناو و واژۆی خۆت لە خوارەوەی ڕاپۆرتەکە بکەیت. ئەگەر تۆ لەسەر ڕاپۆرتەکە ناکۆکیت، داوا لە ئەفسەر(ەکان)ی پۆلیس بکە گۆڕانکاری تێدا بکات. هەروەها پارێزەر دەتوانێت یارمەتیت بدات بۆ ئەوەی بزانیت کە ئایا ڕاپۆرتەکە دروستە یان نا.

## دوای چاوپێکەوتنی پۆلیس

- کاتێک لێپێچینەوەی پۆلیس تەواو بوو و چیتر پێویست ناکات لە بنکەی پۆلیس بمێنیتەو، ڕێگەت پێدەدرێت بچیتەوە ماڵەوە. هەندێک جار، پێویستە ماوەیەک چاوەڕێ بکەیت، چونکە ڕەنگە پۆلیس هێشتا بیەوێت چەند پرسیارێکی ترت لێ بکات. ئەگەر ناچار بیت بمێنیتەوە، پۆلیس ئاگادارت دەکاتەوە کە چی ڕوودەدات. هەندێک جار، لێپێچینەوەی تری پۆلیست لێدەکرێت.
- ئەگەر ناچار بیت بمێنیتەوە، هەروەها کارمەندێکی دەستەی چاودێری و پاراستنی منداڵان سەردانت دەکات. ئەوان سەیرت دەکەن کە چۆنیت بۆ ئەوەی بزانن ئایا پێویستت بە هیچ یارمەتیەک هەیە یان نا. دەستەکە لێکۆڵینەوە لە تۆ و دۆخەکەت دەکات و ئامۆژگاری داواکاری گشتی یان دادگا دەکات سەبارەت بەوەی چ سزایەک (یان یارمەتیەکی) گونجاوترینە بۆ تۆ.
- داواکاری گشتی بڕیار دەدات کە ئایا تۆ ئازاد دەکرێیت یان، یان بۆ ماوەیەکی زیاتر دەستبەسەر دەکرێیت. ئەمە بەو مانایە دێت کە تۆ تا ٣ ڕۆژ دەستبەسەر دەکرێیت. ئەمەش ئەگەری ئەوەی هەیە کە ٣ ڕۆژی دیکە (سەرپەرشتی پۆلیس) درێژ بکرێتەوە. دادوەری منداڵان بڕیارت لەسەر ئەمە دەدات. ئەمە جیاوازە لە دەستبەسەرکردنت لە بنکەی پۆلیس.
- پۆلیس بە زووترین کات لە بڕیارەکەی داواکاری گشتی ئاگادارت دەکاتەوە. لەوانەیە ئەم بڕیارە ڕاستەوخۆ نەدرێت و ڕەنگە ماوەیەک بخایەنێت تا بڕیارەکە بدرێت و تۆشی لێ ئاگادار بکرێتەوە.
- ئەگەر تۆ دەستگیرکرایت و ڕێگەت پێدراوە بچیتەوە ماڵەوە، پۆلیس پەیوەندی بە دایک و باوکتەوە دەکات (یان سەرپەرشتیار یان چاودێران) و داوایان لێدەکات کە بێن بەدواتدا.

کۆلۆفۆن ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن:

وەزارەتی داد و ئاسایش
The Ministry of Justice and Security
P.O. Box 20301 | 2500 EH | The Hague

ئایاری 2022 | 22403201

نابێت هیچ مافێک لە ناوەڕۆکی ئەم لاپەڕە زانیارییە وەربگیرێت.